# خۆزگە دەمتوانی شوناسی پەناهەندەیی بۆ ئەنفالکراوەکان وەربگرم .

**کازیوە سالح**

جبران خەلیل جبران ئەڵێت " ئازارەکانم لە کیلگەی سەبردا چاند و بەری بەختەوەری گرت " کورد لە بوونیەوە ئازارەکانی لە کیلگەی سەبر و قوربانی داندا دەچێنێت و لە ئاکامیشدا بەری نەهامەتی بۆ دەگرێت . هەرگیز هێندەی ڕۆژی پێنج شەممە 24ی ئایا هەستم بە بێ کەسی کورد و خۆشم نەکردووە وەکو ئەو ڕۆژە غەمی بێ کەسی کورد و قوربانیانی ئەنفال فراوانی ئاسمانی لێ کردبووم بە ڕووبەری بێژەنگێك کە نەتوانم کۆلارەکانی خەیاڵی ئاسوودەیی تێدا هەڵدەم .

ئاکامی ڕەشبینێکەم لە میانەی ئەو پەیوەندییەوە تەلەفونیەوە بوو کە لە ئۆفیسی سەرۆکی ئۆنتاریو بەرێز (دلتن مگانتی) یەوە پێمەوە کرا, سەبارەت بەو نامەی ئاراستەم کردبوون , دەربارەی چارەنووسی 18 کچە فرۆشراوەکە بە میسر .بە زمانێکی پڕ ڕێز و نەوازش ( زۆر نزیك لە زمانی سیاسەتمەدارانی کورد لە گەڵ هاولاتی ) پێی گووتم :-
- بەداخەوە ئێمە ناتوانین هیچ بەرگرێك یان فشارێك بخەنەیە سەر ئەو مەسەلەیە , چونکە ئەوە زیاتر مەسەلەیەکی سیاسیە و ئەو کەسانەش کەنەدی نین .خۆزگە وا دەبوو , خۆت دەزانیت چەند پابەندی یاساین .
- لە پرۆگرامی ناوخۆ و دەرەوەشماندا ,شتیکمان نیە , مۆڵەتی دەستێوەردانی دەرەکی یان دەستێوەردان لە کاروباری وولاتانی دیمان بدات , بۆ کەسی کەنەدی نەبێت بۆیە داوای لێبووردن دەکەم .
- تەنانەت گەر یەك کەسیان شوناسی دانپێدانانی کەندییان هەبوایە , ئەوە بە هۆی ئەو دانەیەوە چارەنووسی ئەوانی دیش دەست نیشان دەکرا , وەکو خۆشتان ئاماژەتان پێکرد , کەنەدا هەڵوێستی لەوە گەورەتری نواند بۆ زەهرە کازمی کە لە ئێران کوژرا , هەتا سەرجەم وولاتانی دی لە بەرگری کردن لە هاولاتیانیاندا .ئێستا خۆت ئەو مافەت هەیە , بەلام کۆمێنێتەکەت لە دەرەوەی کەنەدا مافی تۆیان نیە ......

مرۆڤ ئەو کاتەی بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە پەنا بۆ پەرجو دەبات .کەوتنە ژێر پرسیار کەوتنی ئەنفالکراوەکانی ژێر پرسیارکوتنی بوونی خۆشمی دەگەیاند , بۆیە ماوەیەکی باش بیرم لەو نامەعقولیانە دەکردەوە گەر لە دنیادا هەبوایە , دەمتوانی داوای پەناهەندەی بۆ ئەنفالکراوەکان پێ بکەم , گەرچی هەموو ژیانم بۆ لۆژیکردنی نالۆژییەکان تەرخان کردووە , بەلام لەو ساتەوە حەزم وایە هەموو شتەکان پێچەوانەبێتەوە و بە نالۆژیك لە پێناوی مافی پەناهەندەیی 18 پاکیزە فرۆشراوەکانمان بە میسر دوایش ئەوانی دی . باوەڕ ناکەم گلەیی ئەو خۆش خەیاڵێشم لێ بکەن , چونکە هەمووان دەزانن گەر ئەنفالکراوەکانمان لە وولاتێکدا نرخی مرۆڤ دەزانێت مافی پەناهەندەییان بدرێتێ یان وەکو دەسەڵاتدارانی کەنەدا باوەڕییان پێیە شوناسی داپێدانانی کەنەدییان هەبوایە , ئێستا زۆر زیاتر لە زەهرە کازمیان بۆ دەکرا .ئێستا باڵوێزخانەی خۆیان لە میسر ڕادەکیشاییەوە ,لە گەڵ ئەوەی هەر ئەم هەفتەیە ( فلیپ ماکینون )ی باڵوێزی کەنەدا لە میسر بڕی 3 سێ ملیار دۆلاری ئەمەریکی گرێ بەندی بازرگانی لە گەڵ میسردا بەست , بۆ بەرهەم هێنانی پترۆ کیمیاوی و گازی سروشتی . لە گەڵ ئەوەی بەرهەم هێنانی بازرگانی کەنەدی لە میسردا ئێستا خۆی دەدات لە 400 ملیون دۆلار . بەلام دەبوو میسر خەون بە بازرگانی کەنەدییەوە ببینێت,وەرزی گەشت و گوزاریشی دەبوو بە وەرزی ئەنفال هەتا کچە ئەنفالکراوەکانی دەگەڕاندەوە .گەر باڵوێزەکەشیان لە غەفڵەتدا لێدوانێکی دووفاقی وەکو ئەوەی ( ئاغای یوسفی ) ی بۆ میدیای عەرەبی, عەرەب پەرستانە بۆ میدیای کوردی شۆڕشگێڕانەی بدایە, بێ دڵەڕاوکە لەو پۆستە بێ بەری دەکرا (لەوەشدا گووناهی نیە , چونکە سیستمی کارکردنی سەرەوەی خۆی هەمیشە وابووە , بە کوردی زمانێك بووە کە خەڵکی هەژار و ساکاری میللەتی پێ بخەڵەتیت و بە عەرەبی و فارسی و تورکیش زمانێك بوووە مەگەر تەنها دوژمنان ئەوەیان بۆ ویستبێتێن ).

ئەو كات سەرۆكی فەرماندەی عێراق و سەرۆكی كوردستانیش بۆ ڕاگرتنی بالانسی خۆیان , پشتگیرییان لە كەنەدای هاوتەرییی ئەمەریكا دەكرد , وەكو هەڵویستێكی مەردانە و دیرۆكیانە , ئەو مێژوویانە بۆ خۆیان تۆماردەكرد كە شەرم ئەلشێخ بە جیٚ بهێڵن و بڵێن هەتا كیشەی مرۆیی ئەو 18 هاوڵاتیە كەنەدییە چارەسەر نەكرێت ئێمە خۆمان لەگەشت و گوزاری شەرم شیخ بیٚ بەش دەكەین , وەكو هاو هەڵوێست بوون لە گەڵ كەنەدای هاوسیستم و هاوتەرییی ئەمەریكای باوك .وەزیری ناوخۆی عێراقی فیدراڵیش دەگەشت بە كەنەدا بۆ تاوتۆی كردنی كێشەكەو لێرەشەوە بەرەو میسر دەكەوتە ڕیٚ ,بۆ ئەوەی ئەزموونی كەم نموونەی ئەوان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تووشی نووشوستی بیٚ هەڵوێستی نەبێت , نەوەكو بۆ ساتێكیش نیشتمانی عەرەبی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سوود لە ئەزموونی كەم وێنەی ئەوانی كوردی بە عەرەب بوو نەبینێت و نەزانن چۆن دیموكراسیەت ڕێز گرتنی مافەكانی هاوڵاتی و ئازادبوونی لە كۆیلەیەتی و بەرگری كردنە لێی دەگەنێت .

گەر ئەو خەونە نالۆژیكیە ڕوویبدایە , كوردیش بیٚ ئۆمێد نەدەبوو لەوەی ئازارەكانی لە هەر كێڵگەیەكدا چاند بێت بەری نەهامەتی بۆ گرتووە .گلەیی لە بەختی خۆی نەدەكرد كە خەونەكانی لە كیلگەیی بەغدا چاند بەری نەهامەتی بۆ گرت , بە ملیون شەهیدی دا بەری نەهامەتی بۆ گرت , كوردستانی بۆ ئازاد كرد و دەنگیشی بۆ دان بین بە فەرمانڕەوا هەر بەری نەهامەتی بۆ گرت , سەرجەم سەروەت و سامانی میللەتیان لووش داو لە بری" نەخێر " گووتیان عافێتان بێت تەنها سەرشۆڕی و سەركوتیمان قبوڵ مەكەن هەر بەری نەهامەتی بۆ گرتن , و..و...هەر نەهامەتی بوو تەنها خەونێكیشی بەری بەختەوەری بۆ نەگرت .بۆیە بەدی هاتنی ئەو خەونە نالۆژیكیە تەنها لۆژیكیەك بوو , پاڵی پێوە دەنا چی دی وەكو هەمیشە چاوەڕوانی فریادڕەسێكی دەرەكی نەدەكات بۆ ڕزگار كردن , پەنا بۆ دەسەڵاتەكانی دەرەوە نەبات دوو ووشەی هەقخوازی و مافی میللەت فێری فەرمانڕەوایانی خۆی بكات بۆ ئەوەی ڕەحمی پیٚ بكات و وەكو هەمووو دەسەڵاتدارانی جیهان هەست بە لێپرسراوێتی بكات بەرانبەری. ئاخر ئەو خەونە نالۆژیكیە جگە لەوەی 18 كچەكەی بۆ دەهێنایەوە , پارەی سوشیالی دەدا بە قوربانیانی ئەنفال و چی دی چاوەڕوانی خێری كەسیان نەدەكرد ,دەیخستنە خانووی حكومەتەوە وە چی دی كەپرۆكە نەدەبوو بە ماڵ و سایەی ,ڕۆژیٚ خۆیان , مۆزەخانە , شوینی خزمەتگوزاری , خوێندن و هۆشیار كردنەوە و تەندروستی تایبەت بەخۆیان هەبوو .خۆزگە وادەبوو , حۆزگە دەمتوانی هەموو قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە بكەم بە پەناهەندە .

2006–05–26

Canada
k.saleh@hotmail.com